# پرسی ژنان لە نێوان هۆشیاری و ناهۆشیاریدا

فاتمە عومەر ڕێشاوی

زۆر جار چەمکێک یان بابەتێک دێتە کایە و دەبێتە باس وخواسی ڕۆژانەمان وئەوەندە کێشە و بگرە و بەردەی لەسەر دروست ئەبێ و سەرقالی دەبین, ئەو ئامانجەی کە لەسەرەتادا ئەو چەمکە یان ئەوبابەتەی بۆ هاتۆتە دێ وون دەبێ و دەبێتە کۆمەلێک سۆز و عاتیفە و وشەی بریقەدار و لە کۆتاییدا جەوهەری خۆی لە دەست دەدات.

کێشەی ئافرەت کێشەیەکی گشتگیری و جیهانیە, گشتگیریە چونکە پەیوەندی هەیە بە زۆر لایەنی تری ژیانەوە وەک سیستەمی ئابوری و ڕادەی هۆشیاری کۆمەلگە. جیهانیە چونکە هیچ کۆمەلگەیەک و هیچ قوناغێکی مێژوویی نەبوە کێشە و ململانێ و خەبات لە پێناو وەدەست هێنانی مافەکانی ئافرەت تێدا ڕوو نەدابێ. هەندێ لەو کۆمەلگایانە لە یەکێ لە قۆناغەکانی مێژوویدا, هەنگاوی باشیان ناوە هەندێکی تر کەمتر.

پرسیارێک کە زۆرجار لە نێوەند کۆڕو کۆبونەوە و بابەتە نوسراوەکانیشدا قوت دەبێتەوە, ئەوەیە بۆچی پرۆسەی خەبات و بزوتنەوەی ژنان بە تایبەتی لەو کۆمەلگایانەی کە وەک کۆمەلگەی ئێمە سیستەمێکی کۆمەلایەتی باوکسالاری بەسەریدا زالە, وا سست و لاوازە. یان بۆ زۆرجار ئەو پرۆسەیە تێنەگەیشتن و کالوکرچی و تەمومژی و لێدەنیشێ.

زۆرجاریش وەلامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە هۆی ئەو تێنەگەیشتنە دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاریەکی گشتگیری سەبارەت بە چەمکەکانی کۆمەلگەی مەدەنی و ساوایی کۆمەلگەی ئێمە سەبارەت بە چەمکی ئازادی و دیموکراسی. ئەمەش تەواو ڕاستە. بەلام بە بۆچونی من شێوەی تەرحکردنی ئەو مەسەلەیە و هەلبژاردنی ئەو ڕوانگە و دیدگایانەی کە لێیەوە لە پرۆسەکە دەکۆلرێتەوە, هۆکارێکی ترن بۆ ئەو تێنەگەیشتن و کالوکرچیە لەو پرۆسەیەدا. ئەو جۆرە دەستەواژە و دیدگایانەی کە ئەمڕۆ بەکاردەهێنرێن دەبنە هۆی دروستکردنی وێنای سەنگەرێک لە نێوان ژن و پیاودا لە زیهێنی دوو توێژی کۆمەلگە, ئەوانیش ئەو پیاوانەن کە بە ناچاری دانیان بە پرۆسەکەدا ناوە, دومم ئەو ژنانەن کە پرۆسەکە لە پێناویاندا هاتۆتە دی, ئەمانەش بێگومان لە کۆمەلگەیەکی وەک لای ئێمەدا بەشێکی زۆر پێکدێنن.

چەند نمونەیەک لەو ڕوانگە ودیدگایانە:

*زۆرجار لە باسکردنی کێشەکانی ژناندا زمانێکی زبر بەرامبەر بە پیاو بەکاردەهێنرێ و وا بەر گوێ دەکەوێ وەک ئافرەتان کۆمەلێکی بێ ڕۆل و بێ گوناه بن و پیاوانیش هەمو ڕۆلێک لە دەستیاندایە و هەمو گوناهەکانیش بە ملیانەوەیە. ئەم دیدە دیدێکی نازانستیانەیە, چونکە هۆکارەکانی پاشکۆیی ئافرەت بۆ پیاو ئەوندە زۆرن, زەقکردنەوەی یەکێک لەو هۆیانە کە -پیاو- وە, زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێ. جگە لەوەش ئافرەتان زۆرجار خۆیان لەو نێوانەدا یەکتر دەچەوسێنەوە.

* هەندێ جار لە لایەن ئافرەتان خۆیانەوە تەنانەت ڕوشنبیر و خوێندەوار و شاعیریش زالبوونی کەسێتی پیاو بەسەر کەسێتی ئافرەتدا دەگەڕێننەوە بۆ ڕیشەیەکی فەسلەجی و بایەلۆژی پیاو. دەگاتە ڕادەیەک کە گوبیستی وتەیەک دەبین دەلێ:(ئاواتم بوو من پیا و و تۆ ژن بویتایە بەلام چ جیاوازیەک دەبوو؟ ئەو کات من تۆم دەچەوسانەوە). ئەم دیدەش دیدێکی زۆر ڕەش بینانەیە چونکە پیاو لەبەر پیاوێتی نیە کە هۆکاری ئەو نابەرابەریە بێ, بەلکو ناهۆشیاریە کە پیاو دەکاتە هۆکاری نا بەرابەری, هەروەکو چۆن ژنایەتی ژنیش هۆکاری پاشکۆیەتی نیە, بەلکو نا هۆشیاریە ئەو نابەرابەری و پاشکۆییە دروست دەکات.

* گوناهبارکردنێکی مێژووی ئایینەکان بە تایبەتی ئیسلام بە شێوەیەکی موتلەق. ئەم دیدەش دیدێکی زۆرجار نامونسیفانەیە چونکە مێژووی مرۆڤایەتی و زۆر دوور و درێژترە لە مێژووی ئایینەکان . جگە لەوەش هەر کۆمەلگاکەیەک کە لەسەرەتادا ئایینێک تێیدا سەری هەلداوە بوەتە هۆی باشکردنی ڕەوشی ئافرەت و بەرزکردنەوەی پلەی کۆمەلایەتی, ئەوەش بە بەراووردکردنی ڕەوشی ئافرەت لەو کۆمەلگەیەدا لە پێش سەرهەلدانی ئەو ئایینە, نەک بە هەلوێستوەرگرتن بەو قۆناغەی کە ئەو ئایینە ڕوو لە کزی دەکات و کارایی و شکۆمەندی و ڕووی شارستانیەتی خۆی لەدەست دەدات, شەڕو نەخوێندەواری و تایفەگەری و هەژاری ... لە کۆمەلگەدا بلاودەبێتەوە و لێرەوە ڕەوشی ئافرەتیش تێکدەچێ و نابەرابەری دەبێتە شتێکی ئاسایی. دیارە من نالێم ئایین یان جۆری ئایین تێگەیشتن لە تێکستەکانی ئایین و خراب بەکارهێنان ڕولی نەبوە لە دواکەوتنی ڕەوشی ئافرەت بەلام مەبەستم ئەوەیە کە جۆری تێگەیشتن لە ئایین یەکێکە لە هۆکارەکان نەک تێکرای هۆکارەکان بێت.

* بەستنەوەی هۆکاری نابەرابەری و زالبونی پیاو بە چیرۆکە میتۆلۆژیەکانی دروست بوونی مرۆڤ. وەک ئەوەی گوایا خوا بۆ لە پێشەوە ئافرەتی دروست نەکرد ؟ یان بۆ ئافرەتی لە پەراسوی پیاو دروست کرد ؟ یان بۆ دەبێ گوناهی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشت حەوا بووبێ. ئەم دید و پرسیارانەش هەمووی دەچنە خانەی زۆر ووتنی بێ سود. چونکە ئەمانە چیرۆکن, بۆ ئەو کەسەی باوەڕی بەم چیرۆکانە نیە, وورووژاندنی ئەم پرسیارانە – بە مەبەستی داکۆکی لە مافی ژنان- وەک گازندە دەربڕین. هیچ مەنتقی نیە. بۆ ئەوانەشی باوەڕیان بەو چیرۆکەیە وەک حقیقەتێکی ڕەها دەکرێ مەنتقی بێ بەلام ئەویش هەندێ نەزانی بۆتە هۆی وورووژاندی ئەو پرسیارانە. چونکە خوا ئەگەر ژنیشی لە پێشەوە دروستکردایە هەر هەمان گلەیی دەکرا. جگە لەوەش بۆ لێکدانەوەمان بۆ ئەو ڕاستیە!! بە جۆرێکی تر نەبێ ؟ کە ئەویش ئەوەیە خوا ئادەمی دروستکرد بەلام بینی ئەم کائینە بە تەنیا نوقسانە و پێویستی بە کائینێکی تر هەیە کە یەکتر تەواو بکەن. بۆیە حەواشی کردە هاوڕێی. دوو پرسیارەکەی تریش کە خوا ژنی لە پەراسوی پیاو دروستکردوە و حەوا بوەتە هۆی دەرکردنی ئادەم لە بەهەشتدا , دەبینین ئەم دوو بۆچونە لە تەورات و ئینجیلدا هەن و لە قورئاندا چونکە لە قۆناغێکی مێژوویی پێشکەوتووتردا دەخولقێت, هیچ تێکستێک نیە ئەوەی لێ وەربگیرێ. لێرەشدا مەبەستم ئەوە نیە بەرپرسیارێتی لەسەر ئیسلام لابەم و بیخەمە سەر ئایینەکانی تر هێندەی مەبەستم ڕاستکردنەوەی زانیاریەکانە.

* خالێکی تر, ئەویش ئەوەیە کە گوایا پیاوان وا خولقاون کە هەمیشە بالا دەست بن. ئەمەش دیدێکە دوورە لە لۆژیکەوە چونکە ئەگەر وا بێ ئەوا ئافرەتانیش وا خولقاون کە هەر پاشکۆ و پەناهەندەی پیاو بن. واتە دەبێ ئەم جیهانە هەمووی لەسەر نادادیەکی بنەڕەتی پێکهات بێ و هیچ کاتێ هاوسەنگی و دادوەری و یەکسانی, تێدا دەستەبەر نەبێ. ئەوەش پێچەوانەی ئەو ئاراستەیەیە کە بەشەریەت هەنگاوی بۆ دەنێ. واتە پێویست ئەوەیە کە مرۆڤ بە ژن و پیاویشەوە هەمیشە بە هۆشیاربونەوەدا بێ بەرامبەر خوی و ئەیتر و هەمو ئەتۆمێکیش لەم گەردوونەدا, جا ئەو کات هەست بەوە دەکات کە ئەو (مرۆڤ), لە سروشتیدا با -هەلە و گوناهیش بکات- توانای فێربون پێشەوەچونی بێ سنور بێ کۆتاییە.

* ئاماژە کردن بە مەبەستی داکۆکی کردن لە مافەکانی ژنان بەو دیدە کە دەلێ (خۆ ژن هەر بۆ مال و مندال بەخێوکردن نەکراوە), دیسانەوە دیدێکی کورتبینە و زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێ. چونکە خۆ کاری مال و مندال بەخێوکردن -خۆی لە خۆیدا- پلە نزم و بێ بەها نیە, جگە لەوەش هێنانە دەرەوەی ژن لە چوارچێوەی مالەوە ئامانجی بزوتنەوەی ژنان نیە. بەلکو ژن لە مال دێتە دەرەوە تا بخوێنێ ڕۆشنبیر ببێ, هۆشیار ببێتەوە, دەروبەری خۆی بناسێ, ئەزموونەکانی لە ژیاندا دەولەمەند بێ تا بتوانێ لە کاری مال و منال بەخێوکردندا سەرکەوتوو بێ. تا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ بەشداریەکی کارای هەبێ لە دروستکردنی کۆمەلگەیەکی پتە و دروست. واتە جۆری کاری پیاو یان ژن نابێ هیچ ڕۆلێک ببینێ لە

بەرزکردنەوەی پلەی کۆمەلایەتیان چونکە کاری هەریەکە ئەویتر تەواوکەریەتی, هیچیان بێ ئەویتر سەرکەوتوو و سروشتی نابێ.

* ئاماژەکردن بەوەی کە لە سیستەمێکی پیاو سالاریدا هەمیشە پیاوان سوودمەند بوون و دەبن, کورت بینیەکی ترە لە پڕۆسەی هاوسەنگیدا, دەکرێ پیاو لە قۆناغەکانی مێژووی بەشەریەتدا لە پاشکۆیی و ناهۆشیاری ئافرەت هەندێک سوودمەند بوبێ, بەلام لەسەردەمە بە دواوە ئەو هاوکێشەیەش بەسەر دەچێ. ئەوکات بوونی سیستمێکی ناهاوسەنگ ونابەرابەر لەکۆمەلگەدا تەنها ژن لێی زەرەرمەند نابێ بەلکو پیاویش زەرەرمەند دەبێ. چونکە پیاو کە هۆشیار بوویەوە چی لە ژنی ناهۆشیار بکات, هەروەها بە پێچەوانەشەوە. بۆیە من وا پێم باشترە ئیشکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان بەم نەفەسە و لەم ڕوانگەیەوە سەرچاوە بگرێ, نەک بەو نەفەسەی کە پیاوان هەمیشە سوودمەن بون و هەر سومەندیش دەبن لە سیستەمی نابەرابەری و ناهاوسەنگی کە پێی دەوترێ باوکسالاری یان پیاو سالاری.

* بوونی زۆری ڕێکخراوەی ژنان و دیسانەوە جیاکردنەوەی دنیای ژنە لە دنیای پیاو. بە تایبەتی بە بەرهەمی کەم و تێچونی زۆر لە قۆناغێکدا کە پێویستە تێچونەکان و هەولەکان چڕ بکرێنەوە لە وەدەستهێنانی پێویسنیە سەرەکیەکانی تاکەکانی کۆمەلگەدا. نەک بەم شێوەیە پەرشوبلاو بکرێنەوە. ژنێکی ئاوارە یان ئەنفال, لە نێوان چواردیواری تەنەکە و بێ ئاوو کارەبا, بیر لە مافە چارەنوساز ودووربینەکان ناکاتەوە.

پێم وایە ئەگەر هەموو ئەو ڕێکخرا و دەزگایانە ڕاستەوخۆ بکرێنە ڕێکخرا و دەزگای بلاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشنبیری کۆمەلگە, لەبری ئەوەی هەلگری مۆرکی (ژن) بن ی هەلگری مۆرکی (مرۆڤ) بن, خزمەتێکی زیاتر و هەمەلایەن تر دەکەن.

چونکە ئەگەر لە کۆمەلگەدامرۆڤ ڕێزی مرۆڤی لابوو, ڕەوش و باری ئافرەت, لە مالەوە بێ, لە کێلگەبێ, لە پەرلەمان بێ, دایک بێ کچ یان هاوسەر بێ.. باش دەبێ و ئاسنتریش دان بە مافەکانیدا دەنرێ. نەک بەوەی لە دەستووردا ڕێژەی چونە ناو پەرلەمان یان هەر شوێنێکی تر بێ, بۆ دیاری بکرێ. دانانی ڕێژە بە تایبەتی لە دەستوردا, با لە سەدا نەوەد نۆش بێ, کارێکی ناڕەوایە بە رامبەر ئافرەت . خۆ سەرە مەڕ نیە بیژمێرین ؟ ئافرەت یانی مرۆڤ مرۆڤیش بە پێی توانا و کەفائەت و پێویستی ئەو شوێن و کارە ژمارەی بۆ دیاری دەکرێ. باشتر وایە هەولەکانیان بخەینە خزمەتکردن بۆ ڕاستکردنەوەی شێوەی بیرکردنەوە و سەیرکردنی تاکەکانی کۆمەلگە بە پیاو و ژنەوە, بۆ ژیان و گەردوون.

ئەم بۆچونەی سەرەوە سەلماندن و لێکۆلینەوەی مەیدانی ناوێ چونکە زانستی کۆمەلایەتی ئەوەی سەلماندوە هەموو گرفتە کۆمەلایەتیەکان چەند لایەک و چەند ڕوویەکیان هەیە و دەبێ هەموو پێکەوە چارەسەر بکرێن. بۆ نموونە لە قوتابخانەکانی هۆلەندا سیستەمێک هەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی گالتەکردنی منالان بەیەکتر. گرفتەکە بریتیە لەوەی جاری وا ڕێ ئەکەوێ منالێک لەلایەن چەند منالێکی ترەوە گالتەی پێ ئەکرێ ... ئەم نەریتە زۆر کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر ڕەوشی زانستی و کۆمەلایەتی ئەو مندالە. قوتابخانە بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکات, پرۆژەیەک بەکاردێنێ کە هەردوو لایەنەکە بگرێتەوە ئەوانەی گالتە بەو مندالە دەکەن, مندالەکەش کە گالتەی پێدەکرێ. زۆر جار ئەو پرۆژەیەی کە لەگەل مندالە گالتەپێکراوەکە بەکاردەهێنرێ, زۆر ئالۆز تر و درێژخایەن ترە لەوەی کە لەگەل منالەکانی تر کە ئەم ئازاردەدەن, بەکار دەهێنرێ . تا هەردولا خۆیان بگۆڕن.

بۆیە با ڕۆژی ژنان بکرێتە ڕۆژی پێیداچونەوە و هەلسەنگادنی پرۆسەی وەدەستهنانی مافەکانی ژنان و کەمێکیش ئەو بەرپرسیاریەتەی کە ڕووبەڕوی پیاوی دەکەینەوە, ڕووبەڕووی ژنان خۆیانی بکەینەوە. لەبری ئەوەی بلێین پیاوان بۆ ژنان دەچەوسێننەوە؟ با لە ژنان بپرسین ئێوە بۆچی دەچەوسێنرێنەوە ؟ لێرەوە ئاراستەی کارەکانمان دیاری بکەین.